لیستێک لە تاوانکانی دەسەڵاتی پاشایەتی-مەنارکی ئیمپیراتۆری بەریتانیا لەژێر هەژموونی شاژنە ئەلیزابەسدا.. کۆڵۆنیالیزمێکی خوێناوی

نەخشەکەی کیشوەری ئەفریقا پەمان ئەیت کە دەسەڵاتی پاشایەتی بەریتانیا (مەنارکی) لە هەر ووڵاتێکی ئەو کیشوەردا چاوی بڕیوەتە بەنرختترین سەروەت و سامانی سروشی ئەو ووڵاتانە.، هەر لە ئاڵتون و نەوت و مس، ئەلەمنیەم، ئەلماس، گازی سرووشتی، ئاسن، پەموو، هەتا دەگات بە قاوە، چا، خووری و سامانە سرووشتیەکانی تر. بە بەدەستهێنانی ئەو سامانە گرانبەهایانە پرسەی خوێناوی لە هەرش و داگیرکاری (کۆلۆنیالی) بەرخست کە قووربانیەکانی گیانی ملیۆنان مرۆڤ بووە بەجگە لە تەماکردنی مێژوویەکی پڕ تراجیدیاو تراوما لە ژیانی لایەک لە دانیشتوانی گەی زەوی.
دزی و تاڵانی ئینگلیزەکان لە ووڵاتی هندستان لە نێوان ١٧٦٥-١٩٣٨ مەزەندەکراوە بە ٤٥ ترلیۆن پاوەند. ئەوەندیان تاڵانی کردبوو هیندیەکان بە زمانی خۆیان پێیان دەووتن (تاڵانچی-Looter) تا وای لێهات ووشەی Looter چوە ناو زمانی ئینگلیزیەوە.
هەر لە ساڵانی داگیرکاری هندستاندا ساڵی ١٩٤٣ بە سیاسەتی تینوو برسیکردن لەبەشی هەژهاڵاتی هندستان کە بەنگلادیشی ئەستایە، نزیک بە 2.1 بە 3.8ملیۆن بەنگالی گیانیان لەدەستدا.
تەنهاە نازیەکان نەبوون کە کەمپی قڕکردن-کەمەکوژیان دروستکردبوو، ئینگلیزەکانیش لە کینیاو باشووری ئەفریقا لەو کەمپانەیان دروستکرد بوو.
شاژنە ئەلیزابەس تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو کە بەریتانیا جەنگێکی وەحشیانەی بەرامبەر کینیا بەرپاکرد لەپەناو پاراستنی ئەو سیستمە ئاسستیدا کەلەوە دایان مەزراندبوو. سەدان هەزار کەس لە خەڵکی هەشپەستی کینیا ئاپڕچی کەمپەکانی قڕکردن و تواندەوە-(کەنسەنتریشن کەمپ) کردو لەناویان بردن، لەو دەمەدا کە چڕچڕ سەرک وەزیرانی بەریتانیا بوو دژیوت کینیا خاکەکەی بەپیت و دەوڵەمەندە دەبێت هەر بە سپی پەست بێت.

ساڵی ١٩٥٢ شاژن ئەلیزابەث سەردانی کینیای کرد، شەش مانگ دواتر ئەپەراسیۆنی کۆمەکوژی و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شۆشگێڕانی کینیا کە بە بزووتنەوەی (ماو ماو Mau Mau) ناسرابوو و لەدژی داگیرکاری بەریتانیا سەریهەڵدابوو دەستیپێکرد. لەو قۆناغەدا ٩٠،٠٠٠کەس لەسەدارەدران، سەدان هەزار بەمب بەکارهێنرا، ٤٢٠،٠٠٠ کەسی کینیا بەر تەپباران کەوتن، ملیۆن و نیوێک خرانە کەمپەکانی قەکردن-لێناوبردن.
هەروەها لەباشووری ئەفریقا کەمپی قەکردنیان دروستکرد لە دەورانی جەنگی ناسراو بە جەنگی بۆر، Bore War- لەویدا کە دانیشتوانی باشووری ئەفریقا لەدژی ئیمپریالیزمی بەریتانی دەجەنگان.
ئەم گەمی خوێن و جینسایدانە ئامانجێکی داگیرکاری و دزینی سامانە بەنرخەکانی ئەو وڵاتانە بوو.
ئەڵماس/دایمەندی کەهینور گرانبەهاترین ئەڵماسە لە جیهاندا. ئەو ئەڵماسە عەیارە ١٠٩یە کەشی ٢١.٦ گرامە پێکهاتەیەکی سەرەکی تاجەکەی سەری شاژنەو لە ئەفریقاوە دزراوە،
هەروەها نقەم/لوئلوئە بەنرخەکەی تاجەکەی سەری شاژن عەیاری ٥٣٠ لە ئەفریقاوە هێنراوە/دزراوەو بە ئەستێرە گەورەکەی ئەفریقا ناسراوە، نرخەکەی مەزەندەدەکرێت بە ٤٠٠ ملیۆن دۆلار.
کاتێکیش کۆلایەتی هەوەشایەوە لە ١٨٣٤دا، لەجیاتی قەرەبووکردنەوەی کۆیلەکان، لەبەیارەکی شەرمهێنەردا بەریتانیا ٢٠ملیۆن پاوەند قەرەبوو ئەدات بە خاوەن کۆیلەکان بە قەرەبووکردنەوەی لەدەست چوونی دامودەزگاکانیان.
هەر لەسەردەمی شاژندا، ١٩٤٨-١٩٦٠ ئینگلیزەکان جەنگ و هەرشیان دەستپێکرد بەسەر وڵاتی(Malaya یان مالی) بۆئامانجی تاڵانکردنی کانزاکانی وەک مس، تەنەکە، لاستیک، و ..هتد. بە ئەم مەبەستە گازی ژەهراوی (ئەرەنج ئەیجنت) یان لەئاسمانەوە هشت بەسەر خەڵکەکەدا و لەئەنجامدا زیاتر لە ملیۆن کەس گیانیان لەدەستدا. دواتر ئەمریکاش وانەی لەم کارەی بەریتانیا وەرگرت و هەمان تەکنیکی کوشندەی بەرامبەر گەلی ڤێتنام بەکارهێنا.
لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥٣ زیاد لە ٨٠،٠٠٠ سەربازی بەریتانی نەردران بۆ کەریا بۆ یارمەتیدانی سوپای ئەمریکا لە قۆناغەکردنی نزیک بە ٤ ملیۆن کەسدا.
١٩٥٣ کاتێک گیانا لە پرسەیەکی دیمەکراتیدا سەرکی خۆی هەڵبژارد، بەریتانیا بەفەرمانی چەرچڵ ئەو حکومەتە هەڵبژێردراوەی ئامادەی و سووپاو کشتی جەنگی لەو دامەزراندو کاری تەوای دامەزراوەکانی گیانای ئاگرت و هەوڵی سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی لەبین برد.

١٩ی ئۆگستی ساڵی ١٩٥٣ بەریتانیا هاوڕایەتی کودەتاکەی ئێرانی کرد بە لابردنی دکتۆر محەمەد موسەدەق کە لە پرسیەکی دیموکراتیدا هەڵبژێردرا وەک سەرۆک وەزیران، ئامانج لەم کودەتایە لەبەینبردنی دەخی دیموکراسی و بوژانەوەی ڕژمی شاهنشایی ئێران بوو.
١٩٦٢-١٩٧٠ جەنگەکی هانگەیەندراو/نهێنی لە یەمەن هەڵگیرساندبوو کە ٢٠٠,٠٠٠ قوربانی لێکەوتەوە. ئێستاش بەریتانیا چەک دەدات بە سعودیەو هانی ئەدات و چاودێری هێرش و بۆردومانەکانی سعودیە دەکات بەسەر یەمەن.
پەرلەمانی باریتانیا لەدۆرانی تونی بلێردا ڕازامەندیدا بەبیاری هێرشکردنە سەر عێراق کە بوهەی کوژرانی سەدان هەزار کەس و دواتریش بوە هەکاری سەرهاڵدانی داعش.
بەریتانیا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە دابەشکردنی کوردستان و لە پەیمانەکانی لۆزان و سایکس بیکەداو ئێستاشی لەسەر بڕیتانیا ڕۆڵی گەورەی هەیە لە هەشتنەوەی گەلی کورد لەو دەخە ئاڕاستەداو هەروەها لە بەربەست دانان لەبەردەم شۆڕشگێڕانی ئازادیخوازی کورداو دەستگرتن و پاڵپشتیکردنی تورکیا لەبەرامبەر شۆڕشی ڕۆژئاڤادا.
ئەوەش ئاشکرایە کە لە دەورانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بە ماوەی چەندین ساڵ گەلانی عێراق بەکوردو عەرەب و نەتەوەو پێکهاتەکانی تریەوە قوربانی گەورەی ئەو داگیرکاریەبوون و لەو ماوەیەدا سامانی بەنرخی نەوتی عێراقیان بۆتاڵان دەبرد.
لێستاشدا بەریتانیا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ناتەدا و لە بەهێزبردنی ئەو جەنگ و تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی دەکرێت لە لیبیا و فەلەستین وعێراق و سوریاو ئەفگانستان و ڕژهاتی ناوەڕاست بەگشتی .
ئەتوانین بڵێین کە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و مۆنارکیەکانی فراوانترین شێوازی داگیرکاریان بەرخستوە لە مێژوودا زیاتر لەهەر دەسەڵاتداریەکیتر بە بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی هێزموونی سپی پێست و چەوسانەوەو لەناوبردنی ئەوانی تر.
شاژنی بەریتانیا کەچی دوایی کرد بەئەوەی داوای لێبووردن بکات لەو گەلانەی جیهان کە تاوانی دزی وتاڵانی و داگیرکاری و کۆمەکوژی و توانەوەو جینسایدی بەرامبەریان ئەنجامداوە. شاژن مردوو هەرگیز پەشیمان نەبوو وە شەرمەزار نەبوو لەو هەموو تاوانەی کە خەزانەکەیی ئەنجامیان داوەو ئەوانەش کە لە حوکمڕانی خەیدا ئەنجامدراون.
ئەکرێت ئەنجامدەرانی تاوانە گەورەکان بەم شێوەیە لە ئاسوودەیدا سەربنەنەوەو دادگاو لیپێچینەوە نەبینن و، جیهانیش بەشەماتەوە

بەڵێیان بکات؟



تێبینی,
لێکاتێکدا کە نوێنەرانی کۆلۆنیالیزم و سەرمایەی خۆریکی مەراسیم گێڕانن بۆ مردنی ساژن ، لۆلایەکی تر شۆپۆلێکی نارەزایەتی لە دژی مژووڵ خوێناوییەکەی خەزانی مەنارکی و جەگرتنەوەی خۆرا بۆ کۆکەی شازن و بەردەوامی سیستمی پاشایەتی لە ئارادایە.

سەرچاوەی ئەم زانیاریانە چەندین پەیج و ئەکاونتی تویتەرو یوتیوبن کە بەشکن لەو شۆپۆلی ناڕەزایەتیانەن.
-کتێـــــــــبی (. A People’s History of the British Empire The Bloodstained Never Dried) by John Newsinger, بە فراوانی باسی ئەو مژووڵ خوێناویانەی ئیمپراتۆری بریتانیا دەکات.

چەند مژوو، چەند ناوکی تایبەتمەند و جیاکار لە نەخشەی شیعری نوێی کوردیدا.. لەتیف هەمەت.. لە عەرەبییەوە: نەبەز گەرمیانی

(1)

پاش ئەو شۆشە شیعرییەی (گۆران) هایگەیاند و پێشەنگایەتی کرد بە بەشداری لەگەڵ شاعیری نوێخواز (شێخ نووری شێخ ساڵح)، زۆر لە سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی کوردی بە تیوردانێژەری ئەو شۆشەی دادەنێن و لای خۆیەوە (گۆران)یش ئەو پێشەنگایەتییەی (شێخ نووری شێخ ساڵح) لەو شۆشەدا ناشارەتەوە و ڕەتیشی ناکاتەوە، کە لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە جوگرافیای شیعری کوردیدا سەری هەڵدا و تا ئادێڵک لە لاساییکردنەوەی چەند بارە و لەو کێش و سەروایەی ڕزگار کرد، کە بەهۆی دووبارەکردنەوە و جوینەوەوە سوابوون، پاش ئەو شۆشە شیعری کوردی دووچاری سستی و دامرکان هات و هیچ ناوکی شیعری هاوچەرخی (گۆران) و (شێخ نووری شێخ ساڵح)، یان پاش ئەوان دەرنەکەوت تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نەبێت، لەو ناوانەی، کە سەرنج بەلای خۆیاندا ڕابکێشن تەنیا هەر ئەو دوو شاعیرە نەتەوەییخوازە ناسراون (کامەران موکری) و (محەمەد ساڵح دیلان)، بەڵام هەر لاسایی شێوازی (گۆران) و ئامرازە شیعرییەکانی ئەویان دەکردەوە و بیریان لەوە نەکردەوە شێوازی (گۆران) و شێوە شیعرییەکانی تێپەڕنن. بۆیە شیعری کوردی (وێڕای زۆری ژمارەی شاعیران و ئەوانەی خۆیان هەڵدەکێشا و لافی شیعر و میعریان لێ دەدا)، هەر لە شوێنی خۆیدا چەقیبوو، یان با بڵێین هەندێك جار بە هەنگاوی خۆڕا بەرەو دواوە پاشەکشێی دەکرد، ئەوەیش شتێکی سەیر و سەرسوڕهێنەر نەبوو، لەبەر ئەوەی شێوازی نوێخوازانەی (گۆران) و چامەکانی، کە مۆرکی نوێی شیعریان لە خۆ گرتبوو، بوون بەهۆی بێزاری زۆر لە خوێنەران و شاعیرە هاوبازەکان، تەنانەت ڕەخنەگرێکی ناوداری ئەو قۆناغە (ڕەفیق حیلمی) جارێکیان سەبارەت بە یەکێك لە چامەکانی (گۆران) وتارێکی نووسی، تێیدا گوتبووی: ئەگەر ئەم چامەیە لە نووسینی (گۆران) نەبووایە، ئەوە پەسەندمان

نەدەکرد. ئەم رەتکردنەوە رووپۆشراوە جۆرە پیرۆزکردنێکی هەموو شتێکی کۆن و رەتکردنەوەی هەموو شتێکی نوێ لە خۆ دەگرێت. لە ئاکامی ئەو مشتومڕ و رووبەڕووبوونەوە و دەمەقاڵێ و رەخنە بازاڕیانەوە، لەو ماوەیەدا (گۆران) نامەیەکی تایبەتی بۆ شێخی شاعیران و نووسەران، ڕۆشنبیری گەورەی ئاگادار لە ئەدەبی تورك و فارس و عەرەب و ئەوروپا (پیرەمێرد) کرد، تێیدا تکای لێ کرد لای ئەوەوە ددان بە چامەکان و بە شێوازی نوێی شیعریدا بنرێت و ڕەگەزنامەی شەرعی و یاسایی پێ ببەخشرێت، چونکە بەبێ ددانپێدانانی ئەو شێوازەکەی بە (بیژی- زێ) دادەنرێت و کەس لە جوگرافیای شیعری کوردیدا ددانی پێدا نانێت.

ئەوەبوو شێخی کۆنەپیشەگەر و تێراو بە ڕۆشنبیری نوێی ئەو سەردەمەی خۆی، ناسنامەی کەسی و بڕوانامەی شەرعی و یاسایی لەدایکبوونی بە چامەکانی (گۆران) بەخشی. لەم خاڵەیشەوە ناشێت ناوی شێخی شاعیران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە (پیرەمێرد) پشتگوێ بخرێت، بۆیە هەر کاتێك ناوی (گۆران)، یان (شێخ نووری شێخ ساڵح) ببەین، ئەوە دەبێت ناوی (پیرەمێرد) ببەین، چونکە ئەویش بەردەوام سێیەمیانە لە نوێخوازی شیعری کوردیدا، ئەگەر ددان پێدانانی (پیرەمێرد) نەبوایە، ڕەنگە ئەو شۆشە شیعرییە، لە ترسی لایەنگران و پشتیوانانی کۆن، سەری نەگرتایە، یان پاشەکشێی بکردایە. لێگۆ ئەوەیشدا من نهێنییەك ئاشکرا ناکەم، ئەگەر بڵێم (گۆران) زۆر لە بۆگەکانی شۆشە شیعرییە نوێخوازییەکەی جێبەجێ نەکرد و تەنیا تازەکردنەوەیەکی سنووردار و لە چوارچێوەی بازنەیەکی سنووردارداردا ئەنجام دا ئەویش خۆی لە نێوان نوێ و کۆندا دەنوێنێت. هەندێك تایبەتمەندییەتیی نوێی خستە ڕوو و دەستەبەرداری جۆرە مەرکەکی شیعری کۆن بوو، ئەویش بێ پاراستن و هێشتنەوەی هەندێك پردی دەستایەتی لە نێوانی و نێوان لایەنگرانی کۆندا.

ئاشکرایشە، کە لە سەردەمی (گۆران)دا دەیان شاعیری جۆرەکی و هاوشێوازی و ئاسایی هەبوون، لەوانەی هیچ شتێکیان لەبارەی نوێخوازییەوە نەدەزانی، یان هەرگیز بەر گوێیان نەکەوتبوو، بیریشیان لە تێپەڕاندنی شێوازە باوەکانی شیعر نەدەکردەوە، بەکو بە چاوی ڕێز و پڕزییەوە لێیان دەڕوانی. لە ناویشیاندا (گۆران) چوون (عیسا) لەناو (جووەکان) و (ساڵح) لەناو (سەموود)دا بوو، وەك چۆن (موتەنەبی) لە هەندێك لە چامە نایابەکانیدا باسی خۆی دەکات.

تا ڕادەیەك ژمارەیەك لە شاعیرەکان بەرەو کەناری نوێخوازی کشان، بەڵام تا دواهەناسەیش تەنیا هەر بە لاساییکەرەوەی (گۆران) مانەوە. ئەوەی جێی سەرسوڕهێنانە (گۆران) تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لای زۆربەی خوێنەرانی شیعری کوردی (نامۆ)، یان

(نیوچەنەناسراو) بوو. مەبەستم لە خوێنەرانی شیعر، خوێنەرانی ئاسایە لەوانەی ڕۆشنبیرییەکی سنووردارییان هەیە، چونکە هەندێك لە شاعیرە میللییەکانیان لە (گۆران) بە باشتر دەزانی، لەوانەی سەرقاڵی ڕازاندنەوە و هێنانەوەی دروشمە حزبی و چینایەتی و نیشتمانییەکان بوون. بۆیە ئەم شاعیرە داهێنەرە تەنیا لەناو هەندێك لە ڕۆشنبیر و هۆشمەندەکاندا دەناسرا، بە تایبەتی ئەو ڕۆشنبیرانەی پابەندی ئایدیۆلۆژیای چینایەتی و مارکسی بوون، بەڵام پاش چاپبوونی سەرجەم شیعرەکانی بە زمانی کوردی، هەموو ئارەزوومەند و عاشقانی شیعر و لایەنگرانی نوێخوازی ئاگاداری چامەکانی ئەم نوێخوازە پێشەنگەی شیعری هاوچەرخی کوردی بوون و بوو بە ناوێکی دەرکەوتووی دیار لە مێژووی شیعری کوردی بە گشتی و مێژووی شیعری نوێی کوردی بە تایبەتی.

(2)

لە کۆتاییەکانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەتۆمسی شیعری کوردیدا دوو گرووپی ئەدەبی سەریان هەڵدا. گرووپی (کفری: لەتیف حامید، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی)، گرووپی (روانگە: شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم، حوسێن عارف، جەمال شارباژێڕی، کاکەمەم بۆتانی)، یەکەمین گرووپ (کفری) یاخیگەری و سەرکێشیی ئەزموونگەری و ڕەتکردنەوەی تەواوی هەموو شتێکی کۆنیان پێوە دیار بوو. لەو ڕێبازەیشدا لەژێر کاریگەری کولتووری ڕۆشنبیری (دادایزم) و (سوریالیزم) و بیرکە و هەڵویستەکانیاندا بوون، کە شێتایەتی و گێچەڵپێکردن و مشتومڕی ئەدەبییان لە خۆ دەگرت، لەوبارەوە بەیاننامەی گرووپی (کفری)، کە لە 14ی تەممووزی ساڵی 1971دا بڵاوبووەوە، بەیاننامەیەك بوو هەموو کەلەپووری ئەدەبی کوردی زارەکی و نووسراوی ڕەت دەکردەوە و گاڵتەی بەوە دەکرد کە (بە کولتووری ڕۆشنبیری، یان ئەدەبی) ناو دەبرا و، شیعری کوردی بە مەیموون دەچواند. پێویست بوو ئەم مەیموونە دواکەوتووە لەسەر دەستی ئەندامانی گرووپەکە ببێتە مرۆڤکی هۆشمەند و هزرەڤان، واتە گرووپی (کفری) وەك لە بەیاننامەی ناوبراودا ئاماژەی پێ کراوە. ئەم گرووپە بە شێوەیەکی نوێخوازانە دەیاننووسی و شێتگیرانە بەرگرییان لێ دەکرد و لێگێ ێێێو و کاروانەکەیدا بەرەو پێشەوە هەنگاویان دەهاوێشت، بە شتە نەرێنی و ئەرێنییەکانیشییەوە.

هەرچی گرووپی نوێخوازی (روانگە)یە، ئەوە بەیانامەکەی خۆیان لە 25/4/1970دا لە شاری سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری کوردی و قەڵای نەبەردی و پاڵەوانیەتی نەتەوەیی کورد دەرکرد، بەیاننامەکەیش بە

شۆرەیەك بوو هەندێك لاوازی تێدا بە دی دەکرا، لەسەر بنەمای هەندێك ڕێبازی سیاسی نەتەوەیی دامەزرابوو، کە بانگەشتی بۆ یەکگرتن و یەکبوونی نەتەوەیی کورد و بەرگریکردن لە ئازادی گەل و نیشتمان و بەپێرزانینی کەلەپووری کوردی دەکرد، پاشان شکستی هەگەمانەوە لە هەندێك ڕێباز و جۆری سواوی ئەدەبی و دەروازە کردنەوە لە بەردەم نوێخوازی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە جیهاندا، ئەویش لەپێناوی گەیاندنی ڕۆشنبیری کورد بەو لووتکانەی ڕۆشنبیری جیهانی پێیان گەیشتووە. بە کورتی دەتوانین بەیاننامەکەی گرووپی (روانگە) بە بەیاننامەیەکی (نەتەوەیی- ڕۆشنبیری) نوێخوازی و نوێکردنەوە ناو ببەین، کە هەموو شتێکی کێن ڕەت ناکاتەوە، ئەویش لە تێڕوانینێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە.

هەردوو گرووپەکە لەلایەن سەلەفییەکان و پابەندبووانی ئایدۆلۆژییە سیاسی و نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانەوە دووچاری شەڕ و گۆڕپێکردنێکی دژوار بوونەوە و لەلایەن ڕەخنەگرانی ناودار و نیوچەڕەخنەگر و خوێنەرانی زیرەك و نیوچەخوێنەرانەوە ڕەخنەیەکی تووندیان لێ گیرا، هەردوو گرووپەکە دەمەقاڵییەکی تووندیان لەگەڵ نەیارانی نوێخوازی و لایەنگرانی کێندا کرد، بەڵام ئاکام هەردووکیان سەرکەوتن و هەندێك لە ئەندامانی هەردوو گرووپەکە چەند دەقێکی نوێخوازانەی نەمریان لە جوگرافیای ئەدەبی نوێی کوردیدا تۆمارکرد، جێی ئاماژەیشە، کە دەمەقاڵییەکی دژواریش لەنێوان هەندێك لە ئەندامانی هەردوو گرووپەکە، گرووپی (کفری) و گرووپی (روانگە)دا بەرپابوو، کە تا ئێستەیش ئاگرەکەی لێرە و لەوێ دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی هەر گرووپە لە لایەك و هەندێك لە ئەندامانی هەردوو گرووپەکەیش خۆیان لە کردەی نوێخوازی کوردی لە ڕووی تیوردا ڕۆژی و جێبەجێکردنەوە بە پێشەنگ دەزانن.

لە دەرەوەی ئەو دوو گرووپەیش لەو سانەدا چەند ناوێکی دەرکەوتووی شیعری پەیدابوون، لە گرنگترین ئەو ناوانەیش: (ئەنوەر قادر محەمەد)، (عەبدوڵا پەشێو)، (سەباح شوان)، (سەلام محەمەد)، (ڕەفیق سابیر)، (عەبدوڵا عەباس)، (سامی شەڕش)، (دڵشاد مەریوانی)، (محەمەد حەمە باقی)، (سەعدوڵا پەرۆش)، (فەرید زامدار)، (محەمەد عومەر عوسمان)... تاد، هەریەکەیان توانییان نوێخوازی خۆیان لە بواری شیعردا لەو چامە و کۆشیعرییانەوە بسەلمێنن، کە لەو سانە و پاشتر بۆاویان کردنەوە. هەر یەکەیشیان بە شێوازی تایبەتی خۆی بوون بە بەشێك لە جەستەی نوێخوازی کوردی. ناشێت باسی شیعری نوێی کوردی و هەوڵەکانی نوێخوازی و نوێکردنەوە لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بکرێت بێ ئاوەژووی ئەو ئاماژە بە هەوڵ و کۆششەکانی ئەو ناوانە نەکرێت لە

دەوڵەمەندکردنی شیعری نوێی کوردیدا. شانبەشانی ئەو ناوە پرشنگدارانە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا چەند ناوێکی دیکە پەیدا بوون، بەم شێوە، یان بەو شێوە، لە سەرخستن و پەرەپێدانی کردەی نوێخوازیدا بەشداریان کرد، بۆیە داوای لێبووردنیان لێ دەکەم، کە لەبەر کورتیی ئەم وتارە نەمتوانی ناویان بهێنم و باسی ئیشی هەر هەموو ئەو ناوە بەهرەدارانەی میرنشینی نوێخوازای شیعری کوردی لە باشووری کوردستان بکەم، کە لە یەکەمین جەنگی جیهانییەوە بە زۆر بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێنراوە، یان با بە ڕوونی بڵێین لە ئاکامی پیلانی بەریتانیا بۆ رازیکردنی رژێمە کۆنەپەرستەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە، هەروەها بەریتانیای نامەزن لەوەیشدا درێغی نەکرد بە بۆمبە ئاسمانی و زەمینییەکانی خاکی کوردستان بە گشتی و شاری (سلێمانی) بە تایبەتی بۆردوومان بکات، لەپێناوی نەهێشتنی هەموو کۆسپەکان بۆ سەرخستنی ئەو پیلانە ڕەشە.

(3)

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە هەولێر (گرووپی شیعریی پێشەوە: عەباس عەبدوڵڵا یووسف، جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەراج، محەمەد باوەکر)، لەسەر دەستی ئەو کەمەڵە شاعیرە دامەزرا، کە بەهیوا بوون وەرزێکی باشتر بۆ شیعری کوردی بنینە کایەوە. هەندێك لە شاعیرانی ئەم گرووپە توانییان گۆڕانکاری نوێ لە نەخشەی شیعری نوێی کوردی بەرپا بکەن، ئەوە بوو (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) لە ناوەڕاست و لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دوو کۆشیعری پێ لە تەکنیك و تەکتیکی نوێخوازانەی بەکاوکردەوە، بریتی بوون لە (ئاو: 1974) و (لم نیازمە: 1978)، هەردوو کۆشیعرەکە جێی پەسەندی لایەنگرانی نوێخوازی و گاڵتەپێکردنی لایەنگرانی کۆن بوون. ئەو دوو کۆشیعرە لە دەرگەدانێکی نوێی دەروازەکانی نوێخوازی شیعری کوردی بوون لەو ماوەیەدا.

لە دەرەوەی بازنەی ئەم گرووپەیش چەند ناوێکی دیکەی شیعری دەرکەوتن لەوانەیش (سەباح ئەنجدەر)، کە چامە درێژە نایابەکەی: (زەوان) ناوەندی شیعری کوردیی هەژاند. (قوباد جەلی زادە)، (نەژاد عەزیز سورمێ)، (نەوزاد ڕەفعەت)، (کەریم دەشتی) و ئەوانی دیکە، کە بوار نییە لێرەدا ناویان بهێنین…

حەزم دەکرد بە دووردرێژی لەبارەی هەریەك لەو شاعیرانەوە بدوێم لەم وتارەدا ناویان براوە، بەڵام ئاکام بە باشم زانی لێرەدا بە کورتی لەبارەی شاعیری تایبەتمەند و جیاکار (سەباح ئەنجدەر) و چامە درێژەکەی (زەوان) بە تایبەتی و کۆشیعرەکەی بە گشتی، کە لەم

ڕۆژانەدا بڵاوبووەتەوە، بدوێم.
(زێوان) لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1988 بڵاوبووەوە و بە بڵاوبوونەوەی ناوەندی ئەدەبی و شیعری کوردی هەژاند و ناڕەزامەندی و ڕەخنەلێگرتنی هەندێکی لێ کەوتەوە لە ئاکامی زێدەڕۆیی و ئەوپەڕگیری لە بەکارهێنانی زمانێکی تەجریدی و پەلکوتانی بەرەو کەش و مەودای ناواقیعییانەی نامێ لە ڕشنبیری و بڕچوونی ئەو چەند کەسە، چونکە ئەم جۆرە زمانە و ئەم جۆرە وێنە شیعرییانە و نغرۆبوونی تەمومژاوی لە ئەندێشە و وێناکردن و ڕامان و تێوانین جۆرە شۆکێکی لای خوێنەران و ڕشنبیرە ئاساییەکان دروست کرد:

منداڵیی هێشتان ناونەنراوم لەسەر ڕانی
ئەو ڕێیانەی دەبنە حەکایەت
خۆی دەگێڕتەوە
باوکە باڵندە بێ سەبووری باڵە ئارەقە کردووەکانت
لەناو لکەکانی درەختی نێوان
دوو شەقامی نیوە چڕ هەڵخە
ئەو ئاوەم لەگەڵ زیاد و کەمکە
لە گەشتێکی دوو بەختی هاوڕێم بوو
دایکە باڵندە تێش ئەو ئاوێنە نووستووەم
بە بهاوێ ناو قەدی دووگرد
قیژەی یەکەمین کتێب
لەناو چاڵە بەفرەکان گوێی زرینگاندمەوە

بەڕام لە لایەکی دیکەوە، ئەم چامەیە سەرنجی زۆر ڕشنبیر و خوێنەرانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا و ئەندێشە و وێنە و تێوانین و ڕێتمە گۆکراوە نوێیەکان، کە شاعیر لە (زێوان)دا بەکاری هێناون، واقوڕماوی کردن. ژمارەیەك لە شاعیر و ڕەخنەگر و خوێنەرانی شیعر بە خراپی و بە باشی لەبارەی چامەکەیان نووسی. (من بە خۆم ئەو چامەیە بە یەکێك لە دیارترین چامەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و بە یارییەکی ئەزموونگەریی جوان و هەوێکی شیعرییانەی ڕاستەقینە دادەنێم بێ دەرچوونێکی دیکە لە بازنەی لاساییکردنەوە و هەنگاوهاویشتنە ناو زەمینەیەکی نوێی دیکەوە شانبەشانی هەوڵە نوخوازییەکانی دیکە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم)، کە لەسەر دەستی کەمەڵێك لە شاعیرە لاوەکانی ئەو ماوەیەدا ڕوویان دا: (عەباس عەبدوڵا یووسف)، (هاشم سەاج)، (ئەنوەر مەسیفی)، (جەلال بەرزنجی)، (قوباد جەلی زادە)، (نەژاد عەزیز سورمێ)، (نەوزاد ڕەفعەت)، (محەمەد باوەکر) و ئەوانی دیکە. بەبێنەی دەرچوونی

تەواوی کێشیعری شاعیری تایبەتمەند و جیاکار (سەباح ەنجدەر)، کە کێشیعرکە لە دوو بەشی گەورە پێکدێت بەسەرناوی (سی ساڵ شیعر) دەڵێم: خۆزگە (سەباح ەنجدەر) دەیتوانی لەو شێوازە شیعرییەی خۆی تێپەڕاندنێت، کە لە نێوەرە شیعرییە تایبەتمەند و جیاکارەکەی (زۆوان)دا تاقیکردووەتەوە و شێواز و قاڵب و جۆری دیکەی شیعریی تاقی دەکردەوە، تا لەناو یەك جۆرە شێوازی شیعریدا گیری نەدەخوارد، چونکە شیعر هەڵکی تەریب نییە، بەکو درەختکی پێگەیشتووە، ڕەگ و ریشەکانی چەسپاو و جگر لکەکانی پەرتوبڵاو و بڵشومارن. پاش بڵاوبوونەوەی تەواوی کێشیعرییەکەی. کاتی ئەوە هاتووە شێواز و جۆری نوێی دیکەی شیعری تاقی بکاتەوە. بۆ ئەوەی گوێی خوێنەرانی پێ بهەژێنێت و پێپلکەی ژێر پێ و هەست و نەستیان بلەرزێنێت، بە خۆی شیعر هەژان و لەرزین و لەو جۆرە شتەیە.

لەتیف هەمەت
لە عەرەبییەوە: نەبەز گەرمیانی

کانوونی دووەمی 2012 سلێمانی

-_____

سەرچاوە:
گۆڤاری (گۆلاوێژی نوێ – عەرەبی)، ژمارە (٣٢)، ساڵی ٢٠١٢، ل: ٧٤-٧٨

چۆن گەندەڵی ڕیشەکێش دەکرێ؟.. د.حیکمەت نامیق

ئەوە ئەو پرسیارەیە کە خەیاڵی کەسانی خەمخۆرو دڵسۆزی داگیرکردوە بەتایبەتی ئەوانەی لە کایە جیاوازەکان ڕاستگۆیانە کارەکانیان ڕادەپەڕنن، کاتێك قسە لەسەر گەندەڵی دەکرێ یەکسەر دەسەڵاتی سیاسی تاوانبارەکرێ، بەمانایەکی دیکە گەندەڵی زیاتر پەیوەستدەکرێ بە کایەی سیاسەت و حکومەت و دامودەزگاکانی میریەوە، بەڵام سەیرلێژیاو لقەکانی پێماندەڵێن کە پەروەردەو ستەرەکتوری کۆمەڵگا مرۆڤی نابەرپرس و گەندەڵ بەرهەمدێنێ هەر ئەو مرۆڤە

دەچێتە ناودامودەزگا هەستیارەکانی حکومەتەوە دەستدەکات بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو تاکە کەمایەتییەی کە دەمکە گرێدراوە بە تاکێکی دیکەی بەرزترەوە بۆیار لەسەر ئیختیلاس و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی میللەت دەدەن، پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا حکومەت ئێگاکە دەکاتەوە بۆ گەندەڵی یان ئەوەتا مرۆڤە بوودەکان لەبنەمادا خۆیان لەسەر دەستپیسی پەروەردەکراون لە دەرفەتێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی دزە بکەنە ناو تاوەکە.
گەندەڵی بەرەنجامی ستراکتۆری کەمەگایە بەگشتی بە پێی ئەنجامگیریە کەمەناسیەکان لەسەروی هەمویانەوە قوتابخانە وەزیفی و ستراکچەرەکان، چونکە کاتێك پێگەیاندنی کەمەایەتی توشی شەڵەڵ بوو یان لە دەست دەرچوو ئیدی ئەوەی شوێنی دەگرێتەوە مرۆڤ لەوشت و هۆفتاری ئەقلانی دوردەخاتەوە بەدوای سودی کەسی و خۆدەوەمەندکردن دەگەڕێ بە شێوەی ناشەرعی و هەروەها وەك پەروەردەکراوێکی دارستان ئیش لەسەر غەریزە کپکراوەکانی دەکات دەزگاکانی حکومەت بەکار دێنێ بۆ کەکردنەوەی پارە بەشێوەی نایاسایی و ئەخلاقی لێرەدا هەم پێگەیاندنی کەمەایەتی و هەم هێزو دەسەڵاتی خەم خەمخۆر ئەگەر هەبێت دەستە وەستان دەبن لە چارەکردنی کێشەی گەندەڵی، چونکە دەبێتە خوویەکی خراپ تا ماوەیەکی دوو مەودا درێژە دەکێشێ
لەکوردستاندا گەندەڵی لەوەتێپەڕیوە تەنیا بەرمەبنای سیستمی سیاسی و ئیداری بێت، بەڵکو پەیوەتەوە نێو هۆهەندە کەمەایەتیەکەی لە ئێستادا لەنێو هەمو سێکتەرەکانی ژیان بوونی هەیە ، چەمکێکی وەك خزمخزمێنە یان واستە یان ئەوەتا پەیوەندی کەسی و حیزبی و چەندین پەیوەندی دیکە لە نێو دامودەزگا ئیداریەکاندا ئێی بەرچاویان هەیە لە بەرەوسەندنی ئەو دیاردە هەیە گەندەڵی بە چەندین فۆرمی جیاواز دەردەکەوێ گەورەترینیان تەخشان و پەخشانکردنی داهاتی ئەو هەرێمە یە بۆ بوودەکان، ڕاستە گەندەڵی دیاردەیەکی کەمەایەتیە، بەڵام ئەو دیاردەیە هاوتەریب نیە لەگەڵ هەموو کایەکانی نێو کەمە. چەندین گرووپ و توێژ هەن لەنێو کەمە نەباوەڵی پێیەتی نە موماڕەسەی دەکات یا بەمانایەکی تر ئەو دیاردەیە نەبووەتە کۆهەفتار.
.
چۆن ڕیشکێش دەکرێ ئەو پەتایە؟ ئەو پەتایە تەنیا بە پەروەردەکردنی جیلێکی تازە کە گۆشکرابێت بەیاساو بیرکەی مافی مرۆڤ و لێکبوردن و ئەخلاقی بەرز لێرەدا سۆشیالیزەیشن یان بەکەمەایەتیبوون ئێلێکی ئێجگار گەروە دەگۆڕێت بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە مەترسیدارە، کاتێك مرۆڤ پەروەردەکرا لەسەر دەستپاکی و نەریتی جوان ئەوا هێواش هێواش

ئەو دیادرە نگەتیفە کتایی دت هەروەها نەهشتنی گەندەی بە دابەشکردنی سامانی نەتەوە بەیەکسانی لەنوان تاکەکانی کمەگا بە باشترین بژاردەی نەمانی گەندەی هەژمار دەکرت، لرەدا پسەکە هاوشانە لەگە سیستمی سیاسی و ئیداری ناوچەکە، چونکە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بکرد تەشەنەکردنی ئەو پەتایە هەم کمەایەتیە هەم ئیداریە کەواتە بکتاییهاتنی ئەو دیاردەیە هەماهەنگی هەردوو هەندی پویستە بە کەمکردنەوەی ژەکەیی و دواتر یشەکشکردنی گەندەی لەەگەوە.

ثیری بیگ بانگ بۆ منداان.. رهند سابیر

Big bang theory for kids

تاوکو سرتای صدی بیستم، هیکی باش بوو بۆ فلکناسان کە قناعت بکن گردوون ستاتیک(جگیر)ە، هروها بوایانوابوو گردوون همیشە بو شویە بوو کە بینییویانە، هر بو شویەیش ئبو، بام لە سای ۱۹۲۹، دزیینویەکی گورە ئو بچوونی گی، ئمە کزمجیست(فلکناسان)کان، پیانوایە گردوون لە تقیینویەکی گردوونیی cosmic explosion، دستی پکردوو کە پیئگوترە بیگ بانگ و لە دوروبری ١٤ ملیارد سا لەمەوپش، رووبداو

گردوونی فراوان The expanding universe

لە سرتای قرنی بیست، ئسترنمر هبە، سرنجی دا، هندە ئستر زر دوورتر درئکون لوی کە پشتر پمانوابوو. لە فاکتدا، ئوانە بۆ هیچ شویەك ئستر نبوون، بکو جمعی کم ئستریەك، یان گالاکسییکان بوو، لو شونی کە تیدا ئژین، لمانو دوورن. هبە، لکییناوی لسر روناکیی ئو گالاکسیانە کرد کە پمانئگات، دواتر بکاری هنا بۆ دیاریکردنی دووریکانیان، لم موعالجیدا، هبە بی درکوت کە روناکیی برو شبنگی سووری کتایی، گا بوو، ئمیش ئو ئگینت کە

گالاکسییەکان خەرا دوور ئەکەونەوە، یەعنی گەردوون ثابت نییە، بەکو بەردەوام ئەکشێ.

سەرەتای گەردوون The beginning of universe

ئەگەر گەردوون لە کشاندا بێت، ئەوا ئەبێ لە بەک خاڵی فەزا و کاتدا دەستی پێکردبێت، کەواتە ئەکرێ ئاژاری تەمدیدبوونەکەی (فراوانبوونەکەی) بەبڕیتەوە بە خاڵی دەستپێک. بە دەقیقیی، پێوانەکردنی دووریی گالاکسییەکان و سوورە گۆاوەکانیان red shifts پێوەندیی بە تەکەای جوڵەکیان هەیە. سایەنتیستەکان بڕیان دەرکەوت کە بیگ بانگ، ١٣.٨ ملیارد ساڵ لەمەوپێش رووبداوە. لەو کاتەدا، فەزا و ماددە لە یەک خاڵدا هەبوو کە پێیئەگوترێ سینگوارێتی singularity کە خاڵکی زەر بچووک و چڕ(راستییەکەی خاڵکی بچووک نییە، بەکو مەبەستمان لە سنورەکە کە ناتوانین قانونەکانی فیزیا و قانونەکانی ئاینشتاین، هەروەها ثیۆریی رێژەیی گشتیی بەسەردا تەطبیق بکەین، بەپێ ثیۆریی کوانتەم بەکار دێت). هاوکات، بیگ بانگ بە مەعنای کۆلیمە، تەقیینەوە نەبوو، هەموو ئاوەی ئێستا نین بیەتین، ئەو خاڵەی کە فەزا و کات دەستی کرد بە تەمدید بە ئەو گەردوونەی کە ئەمرۆ ئێناسین.

سەرەتا و کۆتایی the beginning and end

لە ئیبتیدای گەردووندا، ماددە ئەوەندە چڕ بوو کە قانونە ئیعتیادییەکانی فیزیای بە سەردا تەطبیق نابوو، لە جیاتیی ئەوە، هەموو شتەک بە پێی قانونەکانی میکانیکیی کوانتەم، کار ئەکات کە حوکمی جیهانی ئێتەم و تەنەلکە سەبئەتەمییەکان ئەکات، لەبەر ئەمە، موستەحیلە بە دەقیقیی وەصفی ئەو ظروفە بکەین، هەروەها قورسە شوێنی حدودی خاریجیی گەردوون دیاری بکەین کە ئەبێتە لەوای پێشەوەیی تەمدید. زاناکان، زیاتر لە یەک سیناریان پێشنیار کردووە بە موستەقبەلی گەردوون، لەوایە فراوان بێت بە ئەبەد، سەرەای ئەوەیش، دواجار گەرمیی ئەوات و هەموو شتەکی سارد و مردوو جێئەهێڵێت.... ساردییەکی گەورە، یاخود لە جیاتیی ئەوە، لەوانەیە گەردوون دابەمێت بە خودی خۆی و بە بیگ کرەنچ* کۆتایی بێت.

زیاتر لە یەک گەردوون more than one universe

لە کۆتایی صەدەی بیستەم، گەردوونناسەکان بە شێوەیکی جدیی، دەستیان کرد بە دیراسەکردن لە کونە رەشکان کە لە لایەن ثیۆریی

ڕۆژەی گشتیی ئاینشتاینەوە، تەوقوع کرابوو. کونە ڕەشەکان دروست ئەبن کاتێ تەقینەوەی ئەستێرەیەکی زەبەلاح ڕووبدات. زاناکان پێیانوایە کە کونە ڕەشەکان زۆرن، هەروەها دانیەک هەیە لە سەنتەری هەموو مەجەرەیەکدا، بە هیی خۆیشمانەوە. یەکێک لە ڕێگەکانی تەماشاکردنی بیگ بانگ وەکو کونێکی ڕەشی زۆر گەورە ultra- super- massive black hole، واتە لەوانەیە نادر نەبێت، موحتەمەلە(ئەشە) کونی ڕەشی تری وەکو ئەو هەبێت، هەروەها فرێگردوونییەش. زۆرێک لە فیزیاناسە ئیمتێرییەکان(ئەو زانایانەی کە لەکەینەوە لە سەبئەتمییەکان و خودی فەضا ئەکەن) پێیانوایە ئەمە حاڵەتەکەیە.

ئەودیو دەرەوەی فەضا چییە؟ what is outside of outer space؟

پرسیارەکانی کەتا سنوری گەردوون، موعالەجەی زانستیی درێژ ئەکاتەوە تا رادەی تەکەبوون لەگەڵ فەلسەفە و تەنانەت دینیش. قەراغەکانی بەشایی گەردوون، یان قەراغەکانی زەمانیی گەردوون، لەودیو ئەزموونی هەستەوەریی هەر دەرئەنجامێکی ئەمەون، تەنانەت ئەوەی زانستەکانیش، خەماندنن. لەگەڵ ئەویشدا، زانستی نوێ، هەندێ بەچوون ئەفەر ئەکات لەسەر بنەمای وردەکاریی زیاتری موتابەعەکردنی گەردوونە. ئەم بەچوونانە ڕەنیشاندەری لەژیکیین لە سەر بنەمای سەرنجدان و موتەبەل، لەگەڵ خیاڵێکی ورد.

تەقینەوەی گەورەکە the big bang

هەبێ، دوای ئەوەی کە تەلسکۆپێکی فەضائیی بە ناوی نراوە، یەکەم فەلەکناس بوو کە ئەودیو سنوری گالاکسییەکەمانی ئاشکرا کرد. هاوکات، هەبێ چاودێریی و حیسابی ئەو گالاکسییانەی ئەکرد کە لە زەویەوە دوور ئەکەونەوە، دواتر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەیت گەردوون فراوان ئەبێت، بەهەی ماثماتیکییەوە گەیانەوە بە دواوەی ئەم فراوانبوونە(خاڵی دەستپێک)، ئەستێرەفیزیاویەکان ئەو ساتیان دیاری کرد کە ئەبێ گەردوون دەستی پێکردبێت، ئەم چرکەساتە بە نزیکەیی ١٣.٧ ملیارد ساڵ لەمەوپێش بووە و ئێستا بە بیگ بانگ ناسراوە. ئەم نیشاندانی سنوری کاتییە بە گەردوون، بە لایەنی کەمەوە تا ئەو جێگەیە پەوەندیی بە رابردووەوە هەیە. باوکراوەیەک لە زانکەی هارڤارد ڕوونی ئەکاتەوە بیگ بانگ، سیناریۆیەکە کە دەرئەنجامەکەی ثیۆریی کەشکردنی ئاینشتاینە، دەستنیشانی ئەکات کە فەضا خۆی فراوان ئەکات.

*بیگ کرنچ big crunch، سیناریۆکی گریمانییە بۆ چارەنووسی کۆتایی گەردوون کە تێیدا فراوانبوونی گەردوون لە کۆتایێدا پێچەوانە ئەبێت و گەردوون دائەمتەوێ، لە نەتیجەدا ئەبێتە هۆی ئەوەی بە فاکتەری پۆوەری گەردوونیی بە صفر بگات.

-_____

سەرچاوە:
https://sciencing.com/big-bang-theory-kids-5479787.html

دیداری ئەدەبی منداڵان.. نوسینی: عەلی حەمەشید

لە ڕاستیدا ئەدەبیاتی منداڵان هەروەکو پێشتر باسمان کردووە لە ئێستادا کەمێک شاعیر و نوسەر و وێرگێڕی خەمخۆر و دڵسۆز بە بوارەکە بە گوێدانێ ماندوو بوون قەڵەمکردووە و بەردەوام خەریکی نوسین و بڵاوکردنەوەن هەرچەندە بڵاوکراوەکانیان لەبەر کەمی تیراژ لێسنورێکی کەمدا کەسانی تر بگشتی و منداڵان بتایبەتی دەیبینن و دەیخوێننەوە،کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەدەبیاتی منداڵان هەیە و دەبێتە یەکێک لە ڕێگر و بەربەستەکانی بەرەوپێشچوون.لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی ڕۆخنەی جدی و بنیاتنەریش وەک لای هەمووان ئاشکرایە بەربەستێکی ترە،کە ئەمانەش پێویستییان بە هەوڵی گەورە و پشوو درێژی و هاوکاری و بوونی دڵزگای پێخش و بڵاوکردنەوەی تایبەت بە منداڵان و ئەدەبیات و هونەری منداڵان هەیە.ئەوەی زیاتر دڵخۆشی کردم دیداری ئەدەبی منداڵان بوو کە یەکێتی نوسەران لقی سلێمانی ئامادەی کردبوو تیایدا نەک لەکەینەوەی باش و بەسود و گرنگ لەلایەن چەند نوسەرێکەوە کە دووانیان دکتۆر و مامۆستای زانکۆ بوون پێشکەش کران.باسەکان بەوردی دەستیان دڕخستە سەر هەموو ئەو بریناەی کە ئەمڕۆ دەبینرێن و دیارن لە ئەدەبیاتی منداڵاندا،مایەی خۆشحاڵیبوو کە جارێکی تر سلێمانی لە ڕوانگەی ئەم دیدارەوە سەلماندی کە شاری ڕۆشنبیریێ و بەردەوامیش وەک خۆی بە بڵندی و پێشڕەنگی دەمێنێتەوە،منیش وەک نوسەرێکی بواری ئەدەبیاتی منداڵان لە تەواوی ئەو ڕۆژەدا ئامادە

بووم لە گۆگرتن لە باسکاندا و لە گفتوگۆکانیشدا بۆپەی ماوە بەشدار بووم و تێبینی و سەرنجی خۆم وتووە،هەروەها هەر لەدیدارێکدا گۆڤارە ڕەنگین و ئازیزەکەی پێپولە کە تائێستاش بەبەردەوامی و مانگانە بە منداڵان دەردەچێت وەک دیاریەکی جوان پێشکەش بە ئامادەبووان کرا کە منداڵپارێزی کوردستان دابینی کردبوو ،هەروەها کتێبی (ئەدەب و هونەری منداڵان) کە لەلایەن(د.هاوژین سەوە و ڕێستەم خامەش)ەوە ئامادە کرابوو بەدیاری بەخشرا بە ئامادە بووان ، کە هەردوولایان منداڵپارێز و ئەو دوو نوسەرە جگەی سوپاس و دەستخۆشیین،منیش خۆزگەم دەخواست کە بەرهەمەکانم کە لەئێستادا نزیک چاپکردنن لەو کاتەدا ئامادە بوونایەو بمکردایە بەدیاری دیدارەکە.باسەکان جەراوجەر بوون بەشێکی زۆر لەو لایەنانەیان گرتبووە خۆ کە پێویستە زیاتر گرنگییان پێبدرێت و بە وریاییەوە کاریان لەسەر بکرێت چ لەلایەن نوسەران و شاعیران و وەرگێڕانی بوارەکە و چ لەلایەن ڕەخنەگران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردەو یەکێتی نوسەران و نوسەران خەیشیانەوە ، تیشک خرایە زۆر لەو کەموکوڕییانەی کە لە ئێستادا هەن و هەریەکەکان لەگەڵ خستنەڕووبدا چارەسەری گونجاویشیان باس دەکرد.ئەوەی جێی سەرنج بوو لە باسی یەکەمدا بەناوی چەند سەرنج و وردبوونەوەیەک لە مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد لەلایەن کاک(ئەمین محەمەد)ەوە، هەندێک لەو هەڵانەی کە لە مێژووی ئەدەبیاتی منداڵاندا و سەرەتای سەرهەدان و دەستپێکردنی بەنوسین خرایە ڕوو لەگەڵ هەندێک لەو کەموکوڕییانەی کە لە شیعری منداڵاندا یان چیرۆکی منداڵاندا هەبوون و هەندێکیان ئێستاش بەردەوامن و نمونەش باسکرا.هەندێک شت وتران کە نەبیسراو و باسنەکراوبوون تا ئێستا و هەر لەسەری ڕۆیشتووین و زۆر لەو بڕوایەدام کە ناوەی ماستەر یان دکتۆرایان هەناوە لە ئەدەبیاتی منداڵانی کورددا دووبارەیان کردۆتەوە بەئەوەی کورد واتانی بە وردی بچنە بنج و بناوانی وەک هەردوو فەرهەنگ بەرز و گرنگەکەی ئەحمەدی خانی و شێخ مارفی نۆدە(نۆبەهارا بچوکان و ئەحمەدی)کە پێشتر وا باسکراوە کە سەرەتای دروستبوونی ئەدەبیاتی منداڵانن لە کوردستان ،بەڵام کاتێک پێناسەی ئەدەبی منداڵان دەکەیت فەرهەنگی تیا نییە و سەرنج لە هەر باس و لێکۆڵینەوە و ناوەی ماستەرو دکتۆراش بدەیت لە هیچ لایەکیاندا لە پێناسەی ئەدەبی منداڵاندا ناوی فەرهەنگ بە هیچ شێوەیەک نەهاتووە کە ئەمەش لای من و دنیاشم لای زۆربەی نوسەران و شاعیرانی بوارەکە نوێیە و پێویست بوو دەکات کە لێکۆڵینەوە و کاری باشی لەسەر بکرێت بە سەلماندنی ، چ لەلایەن لێکۆڵەران یان نوسەرانەوە و بۆتایبەتیش لای خاوەنی بیرەکەو

باسەکە. باسەکی تریان گرنگی و بایەخی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی گەلان بووە لەلایەن خاتو(پەیام ئیبراهیم)ەوە کە بە وردی باس لەوە کرا کە هەر گەلێک بیەوێت پێشبکەوێت و سەرکەوتوو بێت پێویستە گرنگیەکی تەواو بدات بە ئەدەبیاتی منداڵان تا ببێتە خاوەن ئاسایەکی گەش و پاشەڕۆژێکی مەزن و ڕەنگاڕەنگ و چالاک و ڕەشنبیر بن و ببنە کەسانێکی بەسود بۆ خزمەت بەنیشتمانەکەیان،چونکە منداڵان بنیاتنەری کۆمەڵگەن تا ڕەشنبیر تر و چالاکتر و وریاتر بن داهاتوویان گەشتر دەبێت. باسەکی تری دیدارەکە کەلەکەبینەوەیەکی ورد و زانستی و گرنگ بوو ،ئاویش گرنگی دەستنیشان کردنی تەمەن بۆ نوسینی ئەدەبی منداڵان بوو لەلایەن (د.هاوژین سەڵەم)،ئەم باسە گرنگی خۆی هەیە و تا ئێستا وەکو پێویست کاری لەسەر نەکراوە ، کاتێک هەر نوسەرێک بابەتێک بۆ منداڵان دەنوسێت و دەیکات بۆ کتێب دەبێت بزانێ و لەی بنوسرێت کە بۆ کام قۆناغی تەمەنی منداڵ گونجاوە. بۆ وردی قۆناغەکانی دیاری کردبوو ، تا نمونەش باس دەکرا، بۆنام بۆ کتێب یان گۆڤار تا ئاستێکی دیاری بکرێت بۆئای من ئاگەر دەزگایەکی پۆخش و بڵاوکردنەوەی تایبەت هەبێت تا نوسەران و شاعیران و وەرگێڕکاران بەرهەمەکانیانی لە چاپ بکەن و کەمەڵەک کەسانی پسپۆڕ و شارەزای تێدا بێت بۆ ئاسانی ئەو کارە ئەنجام دەدەن ،بۆنام ئاگەر نوسەرەکە خۆی دیاری بکات زۆر جار دەکەوێتە هەڵەوە ،کاک (زیاد ڕەشاد)ڕەخنە لە بواری ئەدەبی منداڵاندای پێشکەشکرد کە لەکەبینەوەیەکی تر بوو کە لە دیدارەکەدا پێشکەش کرا،ئەمیش بابەتێکی گرنگ بوو چونکە ڕەخنە بەگشتی و ڕەخنەی بنیاتنەر و زانستی بەشەویەکی ئەکادیمی هەیەکە بۆ پێشخستن و سەرکەوتنی ئەدەبی منداڵان و جیاکردنەوەی باش و خراپ و دەستنیشان کردنی کەموکوێیەکان و دانانی ڕێگەچارە ،کەواتە تا ڕەخنە هەبێت بەو شەویەی باسمان کرد ئەدەبیاتی منداڵان زیاتر پێشکەوتوو دەبێت بۆنام ڕەخنەیەک لەسەر بنەمایەکی زاستی و دروستە دوور لە هەر بەرژەوەندی و ناسیاویێک،ڕاستییەکان چی بێت بۆونی ئاشکرا بوترێت بی چاو پێشین.ئەدەبی منداڵ و کاریگەری لەپەکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوەکان لەکەبینەوەیەکی تری ناو دیدارەکە بوو لەلایەن (د.ماجد خەلیل)،لەڕەدا باس لەوە کرا کە ئەدەبی منداڵان ڕۆی خۆی دەگێڕێت و هەیەکی گرنگیش بۆ بنیاتنان و دروستکردنی ئاشتی و مرۆڤدۆستیی و پەکەوە ژیان، بۆیە وا باش نوسەران و شاعیران گرنگیەکی تەواوی پێبدەن تا ڕەنگدانەوەی لە ژیان و ژینگەی منداڵاندا هەبێت دوور لەهەر توند و تیژییەک.لەکەبینەوەیەکی تری دیدارەکە کە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو ئاویش ڕۆی ئەدەبی منداڵان لە بنیاتنانی

کارامەیی کۆمەڵایەتییەکان بوو لەلایەن مامۆستا(محمود باجەڵان)ەوە ،زۆر بە وردی و پاشپشت بە چەند تیورێک بەشێوەیەکی زانستی و باش خرایە ڕوو،بابەتێکی تاکادیمیک نوێ و پێویست بوو کە وا پێویست دەکات کە نوسەران و شاعیران بە وریاییەوە کاری لەسەر بکەن تا بەشێوەیەکی دروست هەوڵی بنیاتنانی کارامەیی کۆمەڵایەتییەکان یان بە کۆمەڵایەتی کردن بدەن لە هزری منداڵاندا و سەرجەم بەها جوانەکان بەشێوەیەکی گونجاو بۆپەی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بخەنەڕوو لە بابەتەکانیاندا. لەلایەن مامۆستا(زارا ئەحمەد جاف)ەوە، لەڕاستیدا ژن هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا لەڕووی تایبەتی خۆی هەبووە و بەردەوامیش لەو خزمەتە گرنگ و بەرچاوەدا کە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە بەوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت.لەم باسەدا زۆر بە جوانی لەڕووی ژن باسکراو بەچاوەکی تایبەت و گرنگ و وردەوە، دەبوایە ناوی چەند نوسەرێکی ژنی بهێنایە کە لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا لە کوردستان لەڕیان هەبووە و دیارن.لەڕووی ڕاگەیاندن لە ئەدەبیات و هۆشنبیری منداڵاندا لەلایەن کاک(ئەستەم خامۆش)ەوە، یەکێکی تر بوو لەو بابەتانەی دیدارە کە زۆر بە وردی باس لە لەڕووی ڕاگەیاندن لە ئێستادا کرا هەر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامە و تا ماڵپەڕ و سۆشیال میدیا ،بەگومان بمانەوێ و نەمانەوێ ڕاگەیاندن لەڕووکی گرنگ و تایبەتی هەیە ئەگەر بە شێوەیەکی ئەرێنی و دروست بەکار بهێنرێت لەسەر بنەمایەکی زانستی و باش و دوور لە بەرژەوەندی و لایەنگیری..ئەوەی جێی سەرنجە لە ئێستادا بەهۆی نەبوونی وەک پێشتریش باسمان کرد دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوەی بینراو و بیستراو و چاپ ئێستەم بەتەواوی سود و گرنگی و پەیامی ئەدەبیاتی منداڵان بگاتە سەرجەم منداڵان چونکە نوسەر لە ئێستادا کتێب یان نامیلکەیەکی خۆی کە چاپ دەکات تیراژی لە نێوان(٢٠٠-٥٠٠) دانەیە کە نوسەر بە هەموو منداڵانی کوردی نوسیوە و لەڕاستیدا ئەو تیراژە بەشی منداڵانی چەند قوتابخانەیەک دەکات لە گەڕەکەکدا.ئەوەی گرنگە و بووە کەتایی دیداری ئەدەبی منداڵان کە هەموو ئەوانەی کە باسکران لە خوێندنەوەدا خۆی دەبینێتەوە چونکە نوسەر کە دەنوسێت پێویستە لەڕگەی خوێندنەوەوە بگاتە منداڵان باسکی گرنگ بوو کە ئەویش بەناوی چەن منداڵ هەگری خوێندنەوە بکەین لەلایەن خاتو(فەوزیە مەنمی)،بەڵی دەبێت هەمووان بزانین چەن و لە چ ڕەگەزێکەوە وا لە منداڵ بکەین کە هەگری خوێندنەوە ببێت یان هەوڵبدەین خوێندنەوە بکەین بە کلتور لایان چونکە ئەو منداڵەی کە دەخوێننەوە منداڵێکی چالاک و وریا دەردەچێت و پشت بەخۆی

دەستەت و خاون کەستیی و ەای خێ دەبەت و لە قوتابخانەشدا زیاتر کاریگەری دەردەکەوەت و لە خوێندنەوەی بابەتکانی قوتابخانەشدا جیا و جیاوازتر دەبەت لە هاوڕێکانی.لەم باسەدا هەموو ئەو ڕێکار و ڕێگایانە خرانە ڕوو کە وا لە منداڵ دەکات کە هەگری خوێندنەوە بەت.ماوەتە بڵێین کە دیاردەکە بە ئامادە بوونی بەشکی زۆر لە نوسەران و شاعیراون و وەرگێڕکاران و میوانێکی بەرچاودا باسەرکەوتوویی کەتایی هات ،بۆیە من لێرەوە لێگەڕێ دەستخۆشم بە یەکەتی نوسەران لقی سلێمانی و هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ماندوو بوون بە ئامادەکردن و بەڕێوەچوونی بۆگەکانی دیاردەکە هیوای بەردەوامییان بە دەخوازم ، خۆزگە لە ئایندەیکی نزیکیشدا و لەسەرەتای دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنیشدا هەوبدرایە کە کۆی خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک ساز بکرێت و دیداری هونەری منداڵانیش سازبکرێت چونکە ئەویش پێویندی بە ئەدەبیاتی منداڵانەوە هەیە چونکە گەرانی و ئەپەرەت و شانەیی ژانری ئەدەبین و دەبنە بنەما بۆ کاری هونەری .خۆزگە لەدیدارەکی لەو شێوەیەدا بانگهێشتنامەی فەرمی بگەینرایە ئەو فەرمانگە و شوێنانەی کە زیاتر پەیوەندییان بە منداڵ و پەروەردەکردنی منداڵەوە هەیە .

شایانی باسە بەشداربووانی دیدارەکە لەم نە بەڕێزە پێکهاتبوون:

ئەمین محەمەد (چەند سەرنج و وردبوونەوەیەک لە مەژووی ئەدەبی منداڵانی کورد)،پەیام ئیبراهیم(گرنگی و بایەخی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی گەلان) ،د.هاوژین سەڵوە (گرنگی دەستنیشان کردنی تەمەن بۆ نوسینی ئەدەبی منداڵان) ،زیاد ڕەشاد (ڕۆڵی ڕەخنە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا) ،د.ماجد خەلیل (ئەدەبی منداڵ و کاریگەری لەپێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوەکان) ،مەحمود عەبدولکەریم باجەڵان (ڕۆڵی ئەدەبی منداڵان لە بنیاتنانی کارامەییە کەمەڵایەتییەکان) ،زارا ئەحمەد جاف (ڕۆڵی ژن لە بواری ئەدەبیاتی منداڵانی کورد دا) ،ڕەستەم خامەش (ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئەدەبیات و ڕەشنبیری منداڵاندا) ،فەوزیە مەنمی (چۆن منداڵ هەگری خوێندنەوە بکەین) هەروەها مامۆستای هونەرمەند و نوسەر (مەفەق عارف لهەنی) دیدارەکەی بەڕێوە دەبرد لە هۆڵی ئوتێل ئامادا لە شاری سلێمانی.....٥/٩/٢٠٢٢..

من و سەبارەکەم.. خولیا حوسێن

وەرد وەرد
ڕۆ دەکەین
جارێک لە پشمەوە
جارێک لە دوامەوە
جارێک لە لای ڕاستەوە
هەندێک جاریش لە لای چەپەم
هەواش یان خۆرا
لەگەڵ هەنگاوەکانی من
خەی دەگونجێنێت و
دەڕوا
سەبارەکەم

بە باشی و
خراپیەکانم
بە جوانی و
ناشرینیەکانم
بە هەبوونی و
نەبوونیەکانم
لە حەساندەوەیی و
لەکاتی ماندوێتیەکانم
دادەڕیم بەسەردا ناکا
خودم چۆنە
وەکوو خەم منی قبووڵە
چاوەڕێی گەڕانم ناکا
سەبارەکەم

هەرگیز جارێک
خیانەتی لە نەکروووم
هەربەتەنها
سەبارەکم
بە ئەزموونیش
قەت قەت
جارێک
خیانەتی لە نەکردووم
هەر بەتەنها سەبارەکەم

بەبێ پیلان
هەر جارێی بەرامبەر تاقگەیەکی زیوین
ووبارەکی درێژ درێژی
بە بە سەرتا و
کۆتایی
لەنێو دارستانێکی چڕ
یاخود لەدەم دەریایەکی
دوور، دوور
دڵگیرسێنەوە
من و سەبەرەکم

هەر سەبەرەکەم و
خەم
پێیەکانمان رووت دەکەین و
بە هەمنی قاچەکانمان لە زیخ و لمی
دەم کەنارەکان دەخشێنین و
هەواش هەواش
دەیێنە ناو
قووڵی دەریا

بەدەنگین
سەبەرەکم و
من
بەدەنگ، بە دەنگ
شل، شل
خەمان دەدەینە دەستی شەپۆلەکان و
ون دەبین لەنێو
شینی شەپۆلەکان
ون، ون
لە نێو لەزەتی ون بوون

من و سەبەرەکم
باس لە چێژی بەرکەوتنەکانی جەستەو
ئاو و
زیخ و
لمی دەم کەنارەکان ناکەین و
هەمن هەمن
دوور، دوور، دوور

دەوانینە شپەلە بە شومارە
دوورترەکان و
بیر لە هیچ شتێک
ناکەینەوە
جگە لە چژی ئاوەزان بوونی
ئاو و جەستە و
لەوچرکە ساتە ئەفسوونایەی
کە دەوات و نایەتەوە

خولیا حوسێن \کەندا

ئەمە دووڕوویی ژنانی سەر بە حزبە دەسەڵاتدارەکان نیە!.. سڵام عەبدوڵا

ستەمکاری و توندوتیژی حکومەت و حزبەکانی دیاردەی بکاری، هەژاری و قەرزای لەناو خەڵك باوەکەنەوەو دەبن بە هۆی ئاژاوە، توندوتیژی لەناو خێزان و لەسەر شەقام و لەشفرۆشی و ئالوودەیی بە مادە هۆشبەرەکان و کچکردن و، لەولاوە رێکخراوەکانی ژنانی هەمان ئەو حزبانە بەرگری لە مافی ژنان دەکەن.
ئیمڕۆ ئەوە باوکرایەوە گوایە(لەشفرۆشی قەدەغە کرا): خەیان بەبەرچاوی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدانی سەر بە حزبەکانیان، زەمینەیان خۆشکردووە بۆ پەرەدان بە خانەی لەشفرۆشان بەشێوەی فەرمی و نافەرمی و هاوردەکردنی لەشفرۆشان و سەماکەر و(ژنە سلیکۆن)ی وەاتانیتر(بەس بە ژنانی نیشتمان ناکەن!)و دریغی ناکەن لە بازرگانی بە سێکسی(پلاستیکی)
ئایا ئەمە دووڕوویی رێکخراوەکانی ژنانی حزبە بڕژواکانی دەسەڵات نیە؟ بەخەیان خزمەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان ناکەن؟ بەخەیان درێژەی پێنادەن؟ ئەو سیاسەتە دیموکرات لیبڕاڵەی حکومەت لە پرسی ژن وای کردووە رێکخراوە کۆنەپارێزە ئیسلامییەکان بەهێزببن. ئەمە ئەو راستییە مژوویە دەسەلمێنێ کە مافی ژنان، بەری خەبات و بیری

کـــــورتەچیـــرۆک/ هاوڕێکانمـــــان چـیـانـهـشتین.. ڕەسوواڵ بەختیار

ڕۆژانە لەسەرکایەتی زانکۆدا سەر لەهاوڕێکانم دەدەم، بەتایبەتی ئەوانەی، لەهەبەکانی دیکە کار دەکەن، هەندێکجار قسەی خۆش و نوکتە بە یەکتر دەگێڕنەوە، هەندێکجاریش دڵنەوایی یەکتر دەدەنەوە، ئەمڕۆ سەرم لەدووهاوڕێدا، کە لەیەکێک لەبەڕێوەبەرایەتیکان کار دەکەن، دوایی چاک و خۆشی، یەکێک هاتە ژوورەوە ، من بەتەواویی نەدەهاتەوە خۆیام ئەمە هاوکارمان بێ، دوایی ڕوونکردنەوە ئینجا ناسیم، ئەو وەک ئەوەی بە ئەوە هاتبە پرس و ڕایەکمان پێ بکا، گوتی: دەمەوێ ژنی دووەم بهێنم،
هیچ،قسەیەکم نەکرد، هاوڕێیانی دیکەم، پێیان گوت: تۆ لەمڕۆ دەتەوێ ژنی دووەم بهێنی.
ئەو بێ سەو دوو گوتی : خۆزانەکەم رازیبێ، بۆیە من هاتووم ئەم باسە، لەگەڵ ئەوە تاوتێ دەکەم.
هاوڕێی ئەو برادەرانەی ڕۆژانە سەردانیان دەکەم، کەپ و بەدەنگ بوون، سەیری منیان کرد، منیش گوتم: ئاگەر خانوو و شوێنی گونجاوت هەبێ، دەزانم هیچ قسەیەکی ناچێتە گوێت، بەڵام دەکرێ زیاتر بیری لێبکەیتەوە…
چەندێن باس و خواسی دیکەمان کرد، باس لەمووچە و سەرموچە و بەرزکردنەوەی پلەی موچەییمان کرد، دەوام تەواو بوو.
من ماوەیەکێ دەچمەوە ماڵ سەر خەوێک دەکەم، دواتر دەچمە کتێبخانەیەک یان کتێبێک دەخوێنمەوە یان ئەوەتا خەریکی هەندێک بابەتی وەرگێڕان دەبم، چەند ڕۆژێکە کتێبکی عەرەبیم لەلایە و دەزگایەک ڕاسپاردووەمە ئەو کتێبە بکەمە کوردی، چەندین لاپەڕەم لە کردەتە کوردی، دوایی ئەوەی ماندوو بووم کەمبیوتەرەکەم کوژاندەوە و بەرەو بازاڕ ڕێشتم، کات حەفتی ئێوارە بوو، لەوکاتانەش چەند هاوڕێکم دەبینم، کاتێ گەیشتمە ئەوێ، لەپاش چا خواردنەوە چەند قسەیەک هەر یەکەو سەیری مۆبایلەکەی کرد، تا بزانێ هەواڵی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چیە؟

سەیر بوو لەیەککاتدا سەرمان لەسەر مەبایلەکان هەڵگرت و سەیری یەکترمان کرد وەک ئەوەی شەک بین سەیری یەکترمان دەکرد، وەک بەبەدەنگی بەیەکتر بڵێین: دوێنێ و پڕۆ ئەو هاوڕێیە لەچایخانە لەگەڵمان دانیشتزوو، کەچی ئەمڕۆ لەلاپەڕەی فەیسبووکدا لەلایەن هاوڕێکمان بەاوکراوەتەوە، کە هاوڕێیەکی خۆشەویست کەچی دوایی کردووە.
کەسمان بە ماوەی چەند خولەکێک قسەمان نەکرد، دواتر وەک هەواڵێک یەکێک لەدانیشتووەکان گوتی: ئەو هاوڕێیەتان، کە زۆر هەگری زمان و زمانەوانی بوو، نزیکەی کاتژمێرێک کەچی دوایی کردووە.
لەم ماوەیەدا لەناکاو گومان لەوە دەبێ یەکێک لەهاوڕێیەکانمان بکوتوپڕ کەچی دوایی دەکات، هەندێک هاوڕێ زۆر نزیکن، هەندێکی دیکە تەنیا ساڵومان لەگەڵیان هەیە، بەشێکی دیکە لەوانەی هاوکارمانن، ئەوە جگە لەوەی هەندێک لەوانەی لەچایخانە ناسیوومانن، بەڵام وتە و قسە خۆشکانی هیچ کام لەمانە لەبیرمان ناچێ.
سەیرە ئەمە تەمەنمان گەورە بووە، یان ئەو هاوڕێیانەی کاتیان هاتووە و بە دواجار سەر دەنێنەوە، ئەو هاوڕێیەی ئێستا لە تەڵەکەمایەتییەکان زانیم کەچی دوایی کردووە، ئەو رۆژە هاتە تەنیشتم دوایی ئەوەی زۆر بابەتمان باسکرد، ئەویش باسی کەچی دوایی یەکێک لەهاوڕێیەکانی کرد، بەڕام زۆر درێژەی نەدا، تەنیا گوتی: لەفەیسبووک باسی نەخۆشکەوتنی هاوڕێیەکی کرد، زۆرم پێناخۆش بوو، کەچی ئەوەی سەیرە دوای چەند خولەکێک ئەو پێستە لابرا، پێدەچوو خەی نەبێ، بەڵکو یەکێک لەخانەوادەکەی بە ئەمەی باو کردەتەوە، دوایی ئەوەی نەخۆشکە بەخۆ هاتەوە، پێی گوتووون: ئەو پێستە ڕەش بکەنەوە، من نەخۆش نەکەوتووم، تەنیا لەپەڕەکدا ئاگاام لەخۆم نەبووە.

مانیفێستی کۆمۆنیستی و کاری هەرەوەزی.. سەلام عەبدوڵا

حکومەت بەهۆی سرووشتی پێکهاتنی پشتی لەبەرژەوەندی گشتی خەڵك کردووە، چینێکی سەرمایەداری بەستراو بە بەرنامەی سەرمایەداری جیهانی پەیەدەکات. بەم هۆیەوە قەیرانێکی گشتی کۆمەڵگای باڵی

بەسەر ژیانی خەڵك گرتووو لەگەلیدا بیروبۆچوون و کەسایەتی و ڕەوشت و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی ڕزیوی خۆیشی لەگشت بوارەکان زاڵکردووە:

کەسایەتی نموونەیی= سەرمایەدار و خاوەن کەرتی تایبەت

بیناسازی= ڤیلا و شارە گرانبەی"مۆدێڕنەکان"

ژن= ژنی مۆدێل و سلیکۆن و لەشفرۆشی

ڕۆشنبیری= نیتشە، هایدەگەر، هیتلەر، پۆپەر و زانا و بیرمەندە ئیسلامگەراکان، فۆکۆیاما، میلتون فریدمان...هتد(ئەوەی دژ بە مارکسیزم بێت)

ڕۆژنامەنووسی= "بڵایەن"، میانەو بە نموونەی بی بی سی، واشنتونپۆست و هیرالدتریبون...هتد

لە ئەنجامی ئەم قەیرانە گشتییەدا، هەژاری و کەمدرامەتی و بێکاری و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و کێچبەری سەرتاپای کۆمەڵگای گردێتەوە، خەڵك پێویستی بە خۆراك، کڕێی خانوو، نرخی نەشتەرگەری وەرمان، جلوبەرگ و پێخەف و ناوماڵەیان هەیە.

کاری هەرەوەزی بە درۆژایی مێژوو و تا ئێستا لە هەموو کۆمەڵگەکان ڕەنگی داوەتەوە(سەدان ملیون مرۆڤ کاری هەرەوەزی بە مانا جیاوازەکانی ئەنجامدەدەن و کوردستان نە لە سەردەمی کۆن و نە ئێمڕۆ لێی بەبەش نەبووە.

لەم بارودۆخە چەندین شێوەی سۆسیالیزم ڕەنگیداوەتەوە وەك:

- سۆسیالیزمی دەرەبەگایەتی(صەدەقە و خێر) بەسەر قوربانیانی ئەم سیستەمە دابەشدەکەن. خۆیان بە پیاوچاك و فریادڕەس نیشاندەدەن وەك ڕکخراوە ئیسلامییەکان. مارکس لەبارەیانەوە نووسیویەتی: هەر چۆن پیاوانی ئاین و دەرەبەگ بەردەوام دەست بەدەست دەگۆڕیشتن، هەرئاوا سۆسیالیزمی ئاینی و سۆسیالیزمی دەرەبەگایەتی پێکەوە هەنگاودەنێن. هیچ لەوە ئاستنتر نیە ڕەنگی سۆسیالیستی بخەیتە سەر صۆفییەکی مەسیحی.
  لە کوردستان نموونەی ڕکخراوە خێرخوازە ئیسلامی و مەزهەبییەکان هەیە.
- سۆسیالیزمی بۆژوازی بچووك: (ئەم جۆرە سۆسیالیزمە بە زیرەکی زۆرەوە ناکۆکییەکان لە پەیوەندی بەرهەمهێنانی مۆدێڕن شیکردەوە و بیانووەکانی ئابووریناسە دووڕووەکانیان ئاشکرا کرد و بەشێوەیەکی لابەلاکەرەوە کاریگەرە وڕانکەرییەکەی ئامرەکانیان سەرلماند و، دابەشکردنی کارکردن و" قەتیسکردنی سەرمایە و موڵکایەتی خانوبەرە و زەدە بەرهەمهێنان و قەیرانەکان و داڕزاندنی بەچەندوچۆنی

بۆرژوازی جووتیارە هەژارەکان و نەهامەتی پڕلیتاریا و ئاژاوە لە بەرهەمهێنان و جیاوازی ئاشکرا لە دابەشکدرنی سەروەت و جەنگی وڕانکارانەی پیشەسازی لەنێو گەلان و رزاندنی نەریتە کۆنەکان و پەیوەندییەکانی خزانی کۆن و نەتەوە کۆنەکان- م. لاپەڕەی 61)

ئەم سۆسیالیستییە کۆنەپەرەست بوو، چونکە دەیویست رەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوەوە بگەڕێنێتەوە.

- سۆسیالیزمی کۆنەپارێزیان سۆسیالیزمی بۆژوایی

ئێستا ئەم جۆرە سۆسیالیزمە لەبەرچاومانە وەك(ڕۆکخراوی بارزانی و ڕۆکخراوی مام). لە مانیفێستی کۆمۆنیستی هاتووە(بەشێك لە بۆرژوا ئارەزوومەندن بۆ چارەسەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی خراپ بۆ دابینکردنی مانەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی. ئەوانەی لەم بەشەدا هاتوون بریتین لە: ئابووریناسان و خێرەومەند و مرۆڤدۆستان و باشکەرانی بارودۆخی چینە رەنجەرەکان و ڕۆکخەرانی کاری چاکە و ئیحسان و کۆمەڵەکانی بەزەیی بە ئاژەڵ و ڕۆکخراوە میانەوەی قەناعەتبوون و چەندین جۆر لە موسلیحەڵ بەرچاو تەسکەکان).

بۆرژوا سۆسیالیستەکان(مەرجی ژیانی کۆمەڵگەی نوێیان دەوێت، -بەڵام- بەبێ خەباتکردن و ئەو مەترسییانە کە بەبێ چەندوچۆن لێدەکەوێتەوە. …بۆرژوایان دەوێت بە بێ پرۆلیتاریا…وادەزانن لەو جیهانە بۆرژوا باڵادەست بێت، باشترین جیهانە…ئەم بۆرژوایە هەرگیز تێناگات لەوەی کە گۆڕینی بارودۆخی ژیانی ماددی پێویستی بە هەڵوەشاندنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە کە تەنها بە ڕێگای شۆڕشگێری دەکرێت و، مەبەستی چاکسازی ئیدارییە پشت بە بنەمای پەیوەندی ئەم بەرهەمهێنانە دببەستێت، واتە هیچ لە پەیوەندی کار و سەرمایە و کاری کرێگرتە ناگۆڕێت، بەڵکو لە باشترین حاڵەت خەرج کەمدەکاتەوە، خەرجی باڵادەستی بۆرژوا و بودجەی دەوڵەت سووکدەکاتەوە…)

- سۆسیالیزم و شیوعییەتی رەخنەگرانە و یوتوبیایی

ئەم جۆرە سۆسیالیستییە: 1- بە تۆندی دژی هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی سیاسی کرێکارین 2- پێیان وابوو لەسەرووی ناکۆکیکی چینایەتین. 3- مێژووی جیهان لە راگەیاندن و بەکردەوو جێبەجێکردنی دژاینە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت. 4- هەوێستێکی رەخنەگرانەی دروستیان هەبوو بۆ ڕۆشنکردنی کرێکاران. بابەتەکانیان دەربڕی ناکۆکی چینایەتی بوو کە دەستپێکرد. لە سۆسیالیزمە(سۆسیالیزمی سان سیمون، فوریە و

ئەوین) لە قۆناغی سەرەتایی پێکهاتنی ململانیی پرۆلیتاریا سەریانهەڵدا. ئەم رەوتە پێیان وابوو کە بە ڕۆگای ئەنجامدانی خەباتە کۆمەڵایەتییەکانیان- دامەزراندنی کۆنیە شیوعییان وەك(ڤالانستیرات – تەلارە کۆمەڵایەتییەکان لە مۆشکی فورێە)و(ئیکارۆ- وەاتۆکی خەباوی)، ئیدی سەردەکەون، بەڕام ماركس ئەڵ(لەپێناو دامەزراندنی ئەو تەلارانە لەسەر لم، دەبوو بانگەوازی دێە چاکەکان و گیرفانی بۆرژواکان بکەن.).
لێرەش هەندێ گروپی بچووك بچووك هەیە بەم ئاراستەیە دەڵێن و کاریگەریان نیە.
ئێمە وکاری هەرەوەزی
1- ئێمە هیچ یەك لەو جۆرە سۆسیالیزمانە نامانگرێتەوە: نە دەرەبەگین و نە بۆرژوای بچووك و نە بۆرجوازین و نە خەباپێاوی دامەزراندنی(ئیکارۆ)مان هەیە.
2- پشتمان بە هەوێستی ماركس لە یەکەم بەیاننامەی ئینترناسیونال بۆ کرێکارانی دنیا بەستووە کە تێدا بە پێویستی دەزانێت هەرەوەزییەکان دابمەزرێن و پشتیوانیشان لێبکرێت.
3- هەوێستی لینین لە کۆبۆنەوەی کۆپنهاگن دووپاتی کارەکانمان دەکات کە بۆ نموونە دەڵێ: خاڵی 2-گرنگی ئەم کۆمەڵانە لە پێناو خەباتی جەماوەرانەی پڕۆلیتاریادا هەدەکرێت گەورەتربێت، بە پشتیوانیکردنی کرێکاران لە سەرەوەختی مانگرتندا، لەسەرەوەختی کورتهێنان و تەنگەژەکاندا، لەسەرەوەختی وەدەرکەوتنە سیاسییەکان…هتد.
هەروا کۆنگرەی هەموو وەاتان داوادەکەن: ب- لەڕێی بانگەشەیەکی سۆسیالیستانەی بۆچانەوە لە نێو کۆمەڵەکانی بەکارهێناندا، بەشداری بکرێت لە بەاوکردنەوەی ئایدیای خەباتی چینایەتی و سۆیالیستی لەنێو کرێکاراندا. ج- هاوکات هەوڵدان بۆ دروستکردنی نزیکایەتییەك لەنێو هەموو فۆرمەکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا.
4- ئێمە کاری هەرەوەزی وەك پرد و فۆرگە و مەشقکردن و ڕۆشنبیری و ئەدەب بۆ پێگەیاندنی کادری جەماوەری دەزانین بۆ پەیوەندی لەگەل قوربانیانی سەرمایەداری و بەهێزکردنی گیانی هاریکاری و یەکگرتنیان بۆ سەرخستنی خەبات لەپێناو دنیابینی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بۆ بنەبڕکردنی گشت جۆرەکانی ستەمکاری.
5- کارکردنی بۆ نەهێشتنی ستەمکاری پێویستی هەیە بە

بەکژداچوونی نەخشی پەرتەوازی وگروپچێتی و نائومیدی و بیروکراسی و تەمەڵی و وتارنووسە نەرجسی و سازشکار و خۆبەزلزانەکان و پەراوێزی.
6- پەیوەندیکردن بە جووتیارانی ئەو ئاوایانە کە کاری هەرەوەزی ئەنجام دەدەن و گرێدانیان بە یەکتری و لەگەل کارە هەرەوەزییەکانی ناو شارەکان.
7- گەاندنەوەی ئومید و بەهێزکردنی بەدیل بێ سیستەمی وەحشیگەری حکومەتی موکایەتی تایبەت(سەرچاوەی جۆرەکانی ستەمکاری)و نووسەر و ڕۆشنبیرە فرەبۆژە هیچ لەبارەکانی لە نموونەی ئێستایدا: لیبەرالیزمی نوێ.
ئەم نووسینە بێ گفتوگۆکردن و ڕەخنەگرتنی بنیاتنەری بێ بەرفرانکردنی کاری هەروەزی یان پەرچدانەوەی و پێشکەشکردنی کارێکی باشتر لە کاری هەرەوەزی.

شیعرێکی کۆن:.. هۆنەدان بێ پێناسەکردن.. نێوزاد بێندی

وەاتەکەمان پێ لێ وەات
پەین لێ ملیاردێر و ملیۆنێر و سواکەر
نەخشخانەی حکومیەکانمان خاڵین لێ دەرمان و...دەرەوەی نەخشخانەکانمان فول فول لێ دەرمان .
هەواکەمان پێ لێ خێ و دوکێ
زانکۆ ئاست نزمەکانمان پڕن لێ پڕفیسۆری لووت بەرز
پەیوەندییەکانمان پڕن لێ شێ
دیوارەکانمان پڕن لێ درز
کاتەکانمان هەمووی بێ سوود ئێن
گیرفانەکانمان پڕن لێدز
شۆقامەکانمان پڕن لێ تاسێ
نوسینەکانمان پڕن لێ هێی چاپ وێزمانی
بیرکردنەوەمان پڕن لێ هەرش بێ بیرکردنەوەکانی تر
بازاڕەکانمان پڕن لێ عەرەبانێ
کێانەکانمان پڕن لێ ساحیر و نوشتێ نوس و مشایێخ

گەستانەکانمان هەر گەڕی جارێکە ، چونکە کەسمان لەکەسمان ناچین ..
نەوتەکەمان پێ لە قەرز
یاساکانمان پێن لە بە یاسایی
خاشاکەکانمان پێن لە خەراک
مزگەوتەکانمان پێن لە سواکەر
بازاڕەکانمان هەمووی کاڵای تورکی و ئێرانیە و ئێشێن هەردووکیان هەکاری شەرپەنجەن
شارەکانمان پێن لە کەمپانیای وەهمی
پارەکانمان پێن لە چاپ و تەزویر
دەوڵەمەندەکانمان پێن لە برسێتی
هەژارەکانمان پێن لە تەمەڵیی
خواناسەکانمان پێن لە تقوسی دینی
بەدینەکانمان پێن لە جنێو و جووتە وەشاندن
بیست و یەک ساڵە ئابووقەی ئابووریمان لەسەر هەڵگیراوە ، کەچی هەر نەوتەکەمان بەشکی بە نەوت بڕامبەر بە ئاردەکی بە کەک ، ئەوات سەد ساڵە خەبات ئەکەین ، هەشتا نازانین کە یارمانە و کە نەیارمانە ..
گەر خوا دەعاکانمان قول بکا ، وەاتەکەمان وەران ئەبێ و یەک کەسی بە زیندوێتی تیا نامێنێتەوە .
نە حوکمەت نەخەڵەک ناپرسن ئەمەی وەاتەکی نەوتیی ، هەتا کەی پارەکەمان چاپی بریمەر بێت و لە بازاڕەکانی جیهاندا سفر بێت؟ ئایا شایانی پارەی ستاندەری سویسریی نین؟

********** ********** **********
(وەک بە کاری ژیان نەما بین ، وایە)

چونکە
مرۆڤەکان کەڵیان داوە لە مرۆقایەتیی و پەکەوژیان و بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی و نیشتمانیی..تەنها و تەنها سەرقاڵی خۆیان و پێڕۆ و بەرژەوەندی تاکە کەسیی خۆیانن ..
هەر بۆیە ئەگەر کەسێک نانێ بداتە هەژارێ ، دەپانزە کامەرا وێنەی دەگرن ..کەسێ قومێ ئاو بداتە پشیلەیەک ، دە دوانزە کەناڵی ڕاگەیاندن باسی دەکەن ..کەسێ مزگەوتە دروست بکات ، لەسەر تابلۆیەکی گەورە ناوی خۆی دەنوسێ ، لە ئایەتەکانی قورئان گەورەتر ..
هەر کەسێ ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکا ، چاوەڕێی چەپڵە و سوپاس

و پەزانینە ..

نەوزاد بەندی

بەپێی نەست بەیار دەدەین؟.. زانا رەزاق

کاتێک تە تەکەی کەسانێک دەبی باشن وا دەزانی هەموو باشن بە شتەکان و بەیارەکانیش وا دەزانی هەموو شتیان باشن و چاکن بە خراپیش هەروا ،دواتر ووردە ووردە تێدەگەی دونیا و کەمەگا وانیە بەکو هەموو جۆرە مرۆڤکی تێدایە .ئەگەر تە مرۆقانێکت بینی خراپەکارن یەکێکیش باشبوو لەگەڵ ئەوان بووا وا دەزانی ئەویش لەوانە یانی ئەو کەس نوە بێت و تازە بێت لەگەڵیان ،

بە مرۆڤ چاکەکانیش هەرئاوایە کەسی خراپ لەگەڵیان بێت وا دەزانی ئەویش چاکە ،هەروەها ئەو دووجۆرە بە پێسە کاریگەری لەسەر مرۆڤ دادەنێت یانی خراپێک لەگەڵی دەکرێت دواتر یەکێکی تر ئیدی خراپەکانی تریش ئاوا بەس خراپە زیاتر کاریگەری لەسەر مرۆڤکان دادەنێت نەک چاکەکان، یانی تە هەزار مرۆقی چاک بناسیت ئەگەر هەشیارێکی بەرزت نەبە دوو خراپت لەگەڵ بکرێت وادەزانی ئەوانی تریش ئاوان، بەس نابە مرۆڤ وا بێت بەکو ژیان و کەمەگاکان هەموو جۆرە مرۆڤکی تێدایە،

ئەوە کێشەیکی مرۆڤکانە نابێت ئەو جۆرە بیرکردنەوەیان بەمنێت بەکو دەبە وەکو هەوداو پیلانی پێشوەختە وەریبگری، ئەوجا مەرجیش نیە ئەوەی خراپی لەگەڵ کردی دواتر هەرئاوا بەمنێت هەشن ئەو خراپ هەڵسوکەوتەی لەگەڵ کەسانی تر دەکەن مرۆقی چاکن ئەوان ئەوا مرۆقی دەرەق دروست دەکات یانی مرۆقی چاکیش هەکارن بە دروستبوونی مرۆقی خراپ..